# "تینووم .. بۆ قومێ ئازادی"

**زامۆ پێنچوێنی**
zamopenjweni@yahoo.com

ئەی ئازادی..
بڵێی ڕۆژێ پێش مردنم..
تەوقی دیلێتی داماڵم لەگەردنم؟!

بگەم بەتۆو..
مافەکانم.. بەدەس بێنم..
چواردیواری زیندانی ماڵ بڕوخێنم..!!

ئەی ئازادی..
من بەرەو تۆ هەنگاو ئەنێم
هەرچەن بەگوریسی پرچم
توون بەستوویانە، دەست و پێم..

ئەی ئازادی..
کەی منی کۆیلەو.. بێ تاوان..
مافە زەوتکراوەکەی خۆم،
وەر دەگرمەوە..لە پیاوان؟!

کەی یەکسانی و بەرابەری
جێ لەق ئەکا.. بەزۆرداری؟!
کەی ڕزگارم ئەبێ لەدەس
پیاو سالاری؟!

*　　*　　*